کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-6-2007 21:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بانگەوازێ بۆ دڵسۆزانی گەل ونیشتیمان ... کوردێکی دڵسۆز

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان گەلی چەوساوەم ئەم ڕێکەوتنەی پارتی و یەکێتی چەند خاڵێکی گرینگی تیایە و دەبێ گەلی کورد لێی ورياو وشياروئاگادار بێ چونکە ئەگەر پێک بێن ئەوا بە کەیفی خۆیان گەل دەسوتێنن و ڕوتی دەکەنەوە.

چارەسەری ئەم کێشەیەش لەدەس و ویژدانی ڕۆشنبیرانە بەتایبەت ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵاتە چونکە گەر ئەم کارە سەر بگرێ ئەوا دەم کوتکردنی ڕۆشنبیرانی ناوەوەی وڵات زۆر ئاسان دەبێ بۆیان لەژێر هەزاران ناوی جۆراوجۆری وەک ئاژاوەنانەوەوتێکدانی ئاسایش.... هتد. بەڵام ڕۆشنبیرانی دەرەوە دەبێ ویژدانی خۆیان نەفرۆشن چونکە ئازادن.

خۆفرۆشی ئەوان لە شەهیدکردنی ئەو پێشمەرگانەی بۆ بەعس کران گەورەتر دەبێ.

جا وەرن ئەم خاڵانەی خوارەوەو هەر خاڵێکی تری ئێوە بەباشی ئەزانن هاوکاریوهەماهەنگی تەواوی بۆبکەین.

1. وشیارکردنەوەی پێشمەرگەو ئەندامانی پارتی ویەکێتی کە ئەوانیش دەبنە قوربانی ئەم ڕێکەوتنە. بچوکترین بەڵگە بۆ ئەم خاڵە سەرۆ قادرە کە لەو گەورەتر ناتوانێ سزایدا چونکە ئابرووی ئەوانیش دەبا گەر سزای بدەن کەواتا نهێنێکانیانی لەبەر دەسە، دەسەڵات بەرامبەری نەبو مافی هەموکەس پێشێل دەکا جا چ پێشمەرگەبێ یا ئەندان یا بێلایەن.
2. وشیار کردنەوەی گەلی چەوساوەمان لە دروستبونی دەسەڵاتێکی هەتا هەتایی دیکتاتۆری تر. بۆ ئەم خاڵە دەبێ گەلمان داوای ئەوەبکا کە پەرلەمان گەورەترین دەسەڵات بێ و لەلایەن گەلەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێ، نەک لایەنەکان بی چەسپێنن بەسەر گەل، واتا هەر ئەندام پەرلەمانێک خۆی هەڵبژێرێ ئازادە بەناوی هەر پارتێک بێ یان بێ لایەن.
3. دەنگدان نهێنیەو مەرج نیە موچەخۆرو ئەندام و پێشمەرگەی یەکێتی وپارتی دەنگ بە لایەنەکانی خۆیان بدەن. بۆ ئەم خاڵە دەبێ ئەندام وپێشمەرگەی هەمو لایەنەکان ویژدانی نیشتیمانی وکوردستانی خۆیان بەکار بێنن چونکە ئەوانیش دەچەوسێنەوە گەر ئەم کارە سەربگرێ واتا پاش بەجێهێنانی شیکردنەوەی خاڵی دوو دەنگ بەو ئەندام پەرلەمانە بدەن کە پسپۆرو لێهاتوە نەک هەڵبژاردەی لایەنەکەی خۆیان.
4. هەمو لاین وپارتەکانی تر و بێلایەنەکانی تری وەک ڕێزدار کاک نەوشیروان موستەفا باش دەزانن ئەم کارە بەرەو ڕژێمێکی دیکتاتۆری مۆدرینمان دەبا. بۆ ئەم خاڵە دەڵێم گەر بێ دەنگ بن ئوا گەرەترین خۆفرۆشی دەکەن و گەل و نیشتیمان لێتان نابورێ.

بژی کوردستان بمرێ خۆفرۆش.

19/06/2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.